# Peyamî Zanayan

ژمارە (٧٠) | یەك شەممە | ٢١ی جەمادی یەکەم/ ١٤٣٢ | ٤ی گوڵانی ٢٧١١ | ٢٠١١/٤/٢٤


شێخ بەهائەدین: داوامان لە سەرۆکی هەرێم کرد قەرەبووی مووچەی فەرمانبەرانی سنووری سلێمانی بکرێتەوە... ل » 4

گۆزە



## راگەیاندنەکان و زەنگێکی مەترسیدار بۆ سەر زانایانی ئایینی

سەرنووسەر

ئەوەی لە ڕووداوەکانی ئەم دواییەی هەرێمی کوردستان بەگشتی و سنوری سلێمانی بەتایبەتی بەدی دەکرێت، زانایانی ئایینی لە هەموو چین و توێژکانی دیکە بوونەتە ئارمانج، ئەوەندەی راگەیاندنەکان هێرش دەکەنە سەر زانایانی ئایینی هێرش بۆ سەر هیچ چین و توێژێکی دیکەی کۆمەڵگە نابەن.

ئەگەر مامۆستایەك هەر تێبینییەکی لەسەر خۆپیشاندانەکان هەبێت، یەکسەر راگەیاندنەکانی ئۆپۆزسیۆن دەیان تۆمەتی بۆ دروست دەکەن، دەکرێ قسەکانی سەر (دکتۆر بەشیر و مامۆستا مەلحەم محەمەد ساڵح و مامۆستا مەلا مەسعوود و دکتۆر حەسەن موفتی...) بە نموونە بێنینەوە، کە ناویان دەبەن بە پیاوی دەسەڵات و قورمیش دراو و سیخورو دەیان تۆمەتی دیکە. ئەوە لە کاتێکدایە سەدان کەسی دیکە لە چین و توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگەی کوردستان نەك هەر تێبینی و رایان هەیە، بەڵکو قسەی زۆر خراپیش لەسەر خۆپیشاندەران دەکەن، کەچی هیچیان پێناگوترێت و، بە چارەکی یەك مامۆستای ئایینی قسەیان لەسەر ناکرێت.

لە بەرامبەردا ئەگەر مامۆستایەکی ئایینی بەشداری خۆپیشاندانەکان بکات، یان وتاری هەینی لە مەیدانەکانی خۆپیشاندانەکان بخوێنێتەوە، ئەوە لەلایەن راگەیاندنی سەر بە حزبەکانی سەر دەسەڵات، دەیان تۆمەتیان بۆ دروست دەکرێت و، بەبەکرێگیراو گەندەڵ ناویان دەبەن و، وایان پیشان دەدەن ئەوانە ئەوەندەی ئامانجی سیاسییان هەیە هیچ ئامانجی دینیان نییە، چونکە ئەوانە دین دەخەنە خزمەتی پرۆژەی سیاسییان، دەکرێ قسەکانی سەر (مامۆستا محەمەد نەسرولڵا و مامۆستا کامەران عەلی و مامۆستا هەورامان گەچێنەیی و...) بە نموونە بێنینەوە، ئەوە لە کاتێکدایە لە ناو خۆپیشاندەران دەیان کەسی دیکە هەیە، کە رۆژانە لە مەیدانەکان قسە دەکەن و، هەرچی بیانەوێت دەرهەقی حکومەت و پەرلەمان و سەرکردەکانی کوردستان دەیڵێن، کەچی ئەوەی لەسەر ئەوانە دەگووترێت، بە کۆی هەموویان ناگاتە چارەکی ئەوەی لەسەر مامۆستایانی ئایینی دەگووترێت.

ئەوەش وا دەکات مامۆستایانی ئایینی بە پلەی یەکەم ببنە زەرەرمەند و قوربانی ئەم ڕەوشە و، بە خسوس بکرێنە ئارمانجی راگەیاندنەکان، بەبڕوای من ئەوە لەلایەك بۆ کاریگەری وتار و قسەی مامۆستایانی ئایینی دەگەرێتەوە، کە تاکو ئێستاش لە هەموو چین و توێژەکان کاریگەرترن، ئەوەش پێچەوانەی بیرکردنەوەی چەند کەسێکە، کە تا هاتنە پێشی ئەم ڕووداوانەش فیڵیان لە خۆیان دەکرد و، پێیان وابوو مامۆستایانی ئایینی هیچ کاریگەرییان نەماوە، هەتا کەونە کۆمۆنیستەك (لەگەڵ ڕێزم بۆیان) پێش ئەو ڕووداوانە نووسی بووی ئێستا، کە هەموو شتمان هەیە هیچ پێویستمان بە مەلا نییە، وەلێ وەدیارکەوت ئەو بەهەڵە چووە، ئەو رۆڵەی زانایانی ئایینیش وامان لێدەکات زانستیانە مامەڵە لەگەڵ ڕووداوەکان بکەین و، دوور لە ئینتیمای حزبی ڕووداوەکان بخوێنینەوە، نەك بە لێدوانی تیڤی و رادیۆیی و رۆژنامەڤانی، کە لەو حاڵەتانە هەم قسەکانیان دەمرن و، هەمیش رۆژنامەکان قسەکانیان دەشێوێنن و، بە کەیفی سیاسەتی خۆیان کلك و گوێی دەبرن، هەروەها پێویستی دووەمان ئەوەیە نووسین و قسەکان بە ئاراستەیەکی عیلمی و زانستی بێت، نەك لێکخوێندن، چونکە ئەو دۆخە هەر کۆتایی پێدێت و، ئەگەر وریا نەبین، دوایی شوێنەواری نەرێنی لە داوی خۆی بەجێدەهێڵێت، بەتایبەتی بە راگەیاندنەکان فریو نەخۆن، چونکە هەرچی راگەیاندنە دەیەوێت مامۆستا بۆ بەرژەوەندی سیاسی ئەو قسە و هەڵسوکەوت بکات، ئەگەر بە پێچەوانەی ئەویش بێت، ئەوە هەرچی بکەی لێتی قبوڵ ناکات، ئەوەش مانای وایە بە قسەی وان فریو نەخۆن، بۆیە دیتمان دکتۆر بەشیر لە باسی شوبهاندنی خۆپیشاندەران بە خەواریج مەبەستی دیفاع بوو، چونکە ئەو گووتی: وریا بن لە خۆتان تێك نەدەن، چونکە هەرچەندە ئامانجەکانتان ڕوون و ڕەوا بن، بەهۆی هەڵسوکەوتی هەڵە چەند کەسێکیان لێتان تێك دەچێت، ئیدی قسەکەیان ئەوەندە شێواند بە هەزار ڕوونکردنەوەش تەرەرفی موعارەزە نەیویست گوێی لە ڕوونکردنەوەکان بێت، مامۆستا محەمەد نەسرولڵا هەرچەندە گوتی: ئەمن مەبەستم جیهادی شەر نییە، نەخێر کەس گوێی نەدایە، راگەیاندنی حزبەکانی دەسەڵات گووتیان ئەوە ئێمە بە کافر دەزانێت، کەواتە راگەیاندن نایەوێت پەیامی مامۆستایان بگات، بەڵکو دەیەوێت ئەو پەیامە بگات، کە لەگەڵ بەرژەوەندی ئەو دەگونجێت و، خزمەتی حزبی پێدەکات. مەلا مەسعوود لەبەر ئەوەی پێی باش نەبوو لە هەولێر خۆپیشاندان بکرێت، کرایە جاسوس و دەیان تۆمەتی بۆ دروست کرا، مەلا هەورامانیش بەشداری خۆپیشاندانی کرد، هەموو مێژووی کیمیابارانی سرایەوە.

ئەو قسانەم لەوانەیە خەڵکێك دڵناخۆش بکات، بەس مامۆستایان ئەگەر وریا نەبن، ئەوان راگەیاندنەکان بۆ خۆیان بازاری خۆیان پێ هەڵدەسوورێنن و، بەبێ ئەوەی هەستی پێبکەن ڕێچکەی خۆشیان پێ دەگۆڕن.

با قسەکەی شێخی ئەزهەریش لەسەر دڵی خۆمان بنووسین، ئەگەر ئەزهەر لایەنگیری سیاسی بایە لەمێژبوو مردبوو، مێژووی مەلای کوردیش سپییە، جگە لە ئاشتکردنەوەو قسەی خێر هەر یەکرەفگیرییەك بکرێت، تەنها بەزەرەری زانایانی ئایینی و مێژووەکەیان دەشکێتەوە، بەتایبەتی کە خوێن ڕژاو توندوتیژی دروست بوو.

شێخی ئەزهەر:

## ئەگەر ئەزهەرو زاناکانی سیاسەتیان ویستبایە لەمێژ بوو ئەزهەر مردبوو



شێخ ئەحمەد تەیب شێخی ئەزهەر دەربارەی ڕووداوەکانی ئەم دواییەی جیهانی عەرەبی و، رۆڵی زانایانی ئەزهەر لەو بوارەدا، پێی وایە دەبێ زانای ئایینی لایەنگیری و بەدوای لایەنگیری سیاسیدا نەروات، ئەمە رەخنەیە لەو مامۆستا ئایینیانەی بەقسەی لایەنێکی حزبی دیاریکراو هەڵدەستن و، قسەکانیان بەتەوجیهی لایەنێکی حزبی دەبێت، لەو بارەوە دەڵێت: "ئەگەر ئەزهەرو زاناکانی بیریان لەسیاسیەت بکردبایەوە، ئەوا ئەزهەر مردبوو، هەروەها میسداقیەتی خۆشی لەلای خەڵك لەدەست دابوو، ئەزهەر بەدوای کورسی دەسەڵات ناگەرێت و، پەیامی ئێمە تەنها بەئامۆژگاری و بەجوانترین قسەیە، ئەرکی راستەقینەی ئەزهەر بانگەوازیکردنە بۆ هەق و ڕێنمایی و ئامۆژگاریکردن".

دەربارەی پەیوەندی بەڤاتیکانەوە شێخ تەیب دەڵێت: هەڵوێستی ئێمە ڕوونە دەربارەی گفتوگۆ لەگەڵ ڤاتیکان، لەبەر ئەوەی پاپا سوورە لەسەر سوکایەتیکردنی بەئیسلام، ئێمە پەیوەندی و گفتوگۆمان لەگەڵی راگرتووە، بەڵام دامان نەختووە، هەر کاتێك پاپا واز لە سووکایەتیکردن بەئیسلام بهێنێت و، ڕێز و حورمەت لەئیسلام و موسڵمانان بگرێت، تەدەخولی کاروباری موسڵمانان نەکات، ئامادەین گفتوگۆ پێکەوە بکەین.

هەروەها داوای لەدەسەڵاتی بەحرێن کرد، بەردەوام بێت لەسەر بڵاوکردنەوەی یەکسانی و دادپەروەری کە لەنێو هاوڵاتییەکانی و، داواشی لەئێران کرد، تەدەخولی کاروباری بەحرێن و وڵاتانی عەرەبی نەکات، ئەمەش لەپێناوی هێشتنەوەی گفتوگۆی نێوان و سوننە و شیعەو، بۆ ئەوەی لەو پێناوەش خوێنی کەس نەرژێت.

الشرق الأوسط

## ئیتاڵیا: موسڵمانان داوا دەکەن مزگەوتیان بۆ دروست بکرێ



لە چەند بەڵگەنامەیەکدا، موسڵمانانی ئەو وڵاتە داوایانی لەدەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە کردووە، کە ڕەزامەندی دەربکرێ لەسەر دروست کردنی مزگەوت بۆیان.

ئیمامی جالیەی موسڵمان (عزالدین الزیر) رایگەیاندووە: کە موسڵمان لەو وڵاتە داوای دروستکردنی مزگەوت دەکەن و خۆیشی لەبەردەم پارێزگای شاری (فلورنسا) داوای کردووە، فەرمانی جێبەجێ کردنی ئەو داوایە دەبکرێ.

ئەو ئیمامە راشیگەیاندووە: کە ژمارەی موسڵمانانی ئەو شارە تائێستا گەیشتۆتە (٣٠) هەزار کەس، کەچی مزگەوتیچکیان نیە، کاری خواپەرستی تێدا ئەنجام بدەن، ئەمەش موسڵمانانی نیگەران کردووە، بۆیە بە چەندین شێوازو لە چەند نوسراوێك داوایان بەرزکردۆتەوە، کە ڕێگەیان پێ بدرێ مزگەوت بۆ خۆیان دروست بکەن.

## سەرۆك وەزیرانی ئەڵبانیا زانکۆیەکی ئیسلامی دەکاتەوە



دوای چەندین ساڵ داواکردن لەلایەن زانایانی ئەو وڵاتە لە کۆماری ئەلبانیا، بەم دواییە زانکۆیی (بەدر)ی ئیسلامی بەڕووی فێرخوازاندا کرایەوە.

لەژێر چاودێری سەرۆك وەزیرانی ئەو وڵاتەو بەسەرپەرشتی (دکتۆر صالح بریشا) لە ئاهەنگێکی فراواندا و بە ئامادەبوونی چەندان کەسایەتی ناوداری ئەو وڵاتەو دانیشتوانی ئەو شارە دەرگای زانکۆی ئیسلامی بەڕووی فێرخوازاندا کرایەوەو ئەمەش بووە مایەی خۆشحاڵی سەرجەم موسڵمانانی ئەو وڵاتە.

سەرپەرشتیاری ئەو زانکۆیە ئەوەی خستۆتە ڕوو: کە ئەم جۆرە زانستەی ئیسلامی بۆ پێگەیاندن و بنیاتنانی ڕەوشتی بەرزی مرۆڤایەتیە لە نێو کۆمەڵگادا.

ئەو زانکۆیە خۆی لە چەند بەشێك دەبینێتەوە، لەوانە ( بەشی زانستە ئیسلامیەکان، بەشی یاسا، بەشی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان، فیقهی زمانەوانی، بەشی لێکۆڵینەوەی زانستی)، بۆ ئەو مەبەستە سەرپەرشتیارانی ئەو زانکۆیە، لە نوسینێکی تایبەتدا تەواوی بەرنامەو شێوەی بەڕێوەبردنی ئەو زانکۆیەیان خستۆتە ڕوو، کە ئەمەش وای کردووە ببێتە هەنگاوێکی نوێ لەو وڵاتەدا.

لەو زانکۆیە خوێندن بە هەرسێ زمانی عەرەبی، ئینگلیزی، تورکی، دەبێت و ئامانجیش لێی هۆشیارکردنەوەی گەنجان و قوتابیانە بە رۆشنبیری ئیسلامی و شارەزاکردنیان بە فەرهەنگەکەی.

ئەو زانکۆیە یەکەمین زانکۆی لەو چەشنەیە لەو وڵاتە دەکرێتەوە، کە چەندین پرۆگرامی تایبەت و سەردەمی لەخۆ گرتووە، بۆ پەرەدان بە زانستە ئیسلامیەکان و شارەزایی لە میکانیزمی سەردەمی لە بارەی ئیسلامەوە.

## لە سەدا حەفتای خەڵکی دانیمارك ئیسلام بە هەڕەشە نازانن

بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی (پەیمانگای کاروباری ئاینی) لەدانیمارك دەرکەوتووە، کە (٧٠٪)ی دانیشتوانی ئەو وڵاتە ئیسلام بە مەترسی و هەڕەشە نابینن لەسەر وڵاتەکەیان.

بەڕێوەبەری پەیمانگاکە لە لێدوانێکیدا بۆ گۆڤاری (المسیحیه) گوتی: لەڕاستیدا زۆر خۆشحاڵم بەم دەرەنجامەو ئەمەش ئەوپەڕی وشیاری خەڵکی دانیمارك نیشان دەدات و، ئاماژەیەکیشە بۆ پێگەیشتنی هزری ئەو گەلەو جیاکردنەوەی ئەو ئاینە پاکەیە لە بیرو بۆچوونی هەڵەو شێوەی ناساندنی بە تیرۆرست. هەر بەپێی لێدوانەکە ئاماژە بەوە کراوە، کە ئەو دەرەنجامە هەڵێکە بۆ پوچەڵکردنەوەی هەموو هەوڵی ئەو کەس و لایەنانەی دەیانەوێت ئیسلام بە ڕووێکی ناشیرین نیشانی دونیا بدەن.

لەو ڕاپرسیەدا زۆرینەی بەشداربووان پێکهاتبوون لە گەنجان و کەمینەیەکی بەساڵاچووان، هەر لەو ڕاپرسیە ئاماژە بەوەش کراوە کە پەرلەمانی ئەو وڵاتەش بەڕووێکی ئەرێنی سەیری ئیسلام دەکات.

بەپێی هەواڵەکە ئەوەش هاتووە، کە کەنیسەکانی ئەو وڵاتە گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتە، کە دەبێ هەڵوێستی خۆیان بەرامبەر خوێندنەوەیان بۆ ئیسلام بگۆڕن و چیتر بەشێوەی گشتی ئیسلام بە مەترسی دانەنێن.

ئەڵمانیا:

## پەرلەمان ڕەزامەندی نیشاندا لەسەر خوێندنی ئاینی ئیسلامی



لەشاری (دۆسلدۆرف)ی پایتەختی ولایەتی (شمال راین- فیستفالن)ی ئەڵمانی لەسەر بڕیارو ڕەزامەندی پەرلەمان بڕیاردرا بە خوێندن و گوتنەوەی وانەی ئاینی ئیسلامی لەنێو خوێندنگاکانی ئەو وڵاتەدا.

ئەمەش لەسەر بڕیارو ڕەزامەندی حزبی دیموکراتی مەسیحی و چەپەکاندا و حزبی (الخضر)و حزبی دیموکراتی ئیشتراکی و حزبی دیموکراتی سەربەخۆ پەسەند کرا.

خاتوو (سیلفیا لور) وەزیری پەروەردەو سەر بە حیزبی (الخضر) لەلێدوانێکیدا گوتی: دەتوانین لەڕێگای خوێندنی ئیسلامی یەکسانی لە نێوان قوتابییەکان بەرپا بکەین و سەربەخۆیی ئاینی بێنینە کایەوە قوتابیش سەربەستە لەخوێندنی ئەو وانەیەدا.

ئەم پرۆگرامی خوێندنە ساڵی داهاتوو دەکەوێتە ناو وانەکان و دەخوێندرێ تا ئەو کات وانەیەکی تر هەیە، تایبەتە بە بنەماکانی ڕەوشت، چونکە بۆ پاراستنی مافی ئەو قوتابیە موسڵمانانەی لەو وڵاتەدا دەژین ئەم پرۆگرامە دەکەوێتە کار، کە ژمارەی قوتابی موسڵمان لەویلایەتی(شمال راین- فیستفالن) نزیکەی (٣٢٠) هەزار قوتابیە.

## وەرگێڕانی قورئانی پیرۆز بەزمانی (برایل) بۆ نابینایان لەبۆسنە کۆتاییهات




نووسینگەیەکی نابینایان و کزبینان لە بۆسنەو هێرسك بەسەرکەوتوویی کۆتایی بەپرۆژەی وەرگێڕانی واتاکانی قورئانی پیرۆز بۆ نابینایان بەڕێگەی (برایل) بۆ قورئانی پیرۆزی وەرگێردراو لەلایەن (بەسیم کۆرکوت) هێناو دوو سەد نوسخەی لێ چاپکرا.

هەر نموونەیەك لەهەست بەرگ بەزمانی (برایل) پێکدێت و هەمووی دەکاتە ١٦٠٠ بەرگ و، بەهای پرۆژەکەش گەیشتووەتە (٧٦,٣٢٣) یۆرۆو لەلایەن حکومەتی سعودیەوە تەمویل و هاوکاری کراوە.

لەماوەی داهاتوودا و بەبۆنەی کۆتاییهاتنی چاپکردنی قورئانی پیرۆز لە بۆسنە بەزمانی (برایل)، ئاهەنگێکی قەشەنگ لەسەنتەری ڕۆشنبیری مەلیك فەهد لەسەرایڤۆی پایتەختی بۆسنە سازدەکرێت.

سەرچاوە: ناوەندی ئەیوبی.

## لە هۆڵندا پێشبڕکێیەکی تایبەت بە قورئان بەڕێوە دەچێت



بۆ زیاتر بایەخ دان بە قورئانی پیرۆزو هاندانی زیاتری ئەو کوڕو کچانەی سەرقاڵی خوێندن و لەبەر کردنی قورئانی پیرۆزن، ڕێکخراوی (مزگەوتی عوسمان) لە شاری ( روتردام) پێشبڕکێیەکی بۆ چەندین قورئان خوێن سازداوە..

ئەو پێشبڕکێیە چەند بڕگەیەك لەخۆ دەگرێت، لەوانە بۆ کوڕانی تەمەن (١٢ تا ٢٠) ساڵی بە لەبەرکردنی یەك جوزئی قورئان تا تەواوی قورئانی پیرۆز.

هەروەها بۆ کچانیش لە لە تەمەنی (١٦ تا ٣٠) ساڵی بە لەبەرکردنی یەك جوزئی قورئان تا تەواوی قورئان.

ئەو پێشبڕکێیە خۆی لە هەرسێ لایەنی دەنگ و تەجوید و تەرتیلیش دەبینێتەوە، لەشارەکانی ( ئەمستردام، روتردام، لاهای، ئوترخت، فلانرن، ئایندهوفن)، بەڕێوە دەچێت.

شایانی ئاماژە بۆکردنە، ئەمە بۆ دووەم ساڵەو پێشبڕکێیەکی لەو شێوە لەوڵاتی هۆڵەندا ئامادە دەکرێ و خەڵاتی باشیش بۆ دەرچووان داندراوە.